# شێوازی کردنەوەی حەسێبێکی بانکی

جوونی 2010

Opening a bank account – Kurdish

ئەگەر یەکێ لەمەرجەکانی بارودۆخی پەنابەریەتی، پارێزگاریی مرۆڤدۆستانە، مۆڵەتی نیشتەجێ بوونی پارێزکردن (discretionary leave) (DLR) یان مۆڵەتی نیشتەجێ بوونی بێ سنوور (indefinite leave to remain) (ILR) تان هەیە، ئە و مافەتان هەیەکەحەسێبێکی بانکی لەسکۆتلەند یان یەکێکی تر لەوڵاتانی نێو سنووری یەکیەتی پاشایەتی بکەنەوە.

HAPPY TO TRANSLATE

وێرای ئەوە، پێش ئەوەی کەبانکێک بتوانێت بۆ ئێوەحەسێب بکاتەوە، پێویستەلەشوناس و ناونیشانی ئێستاکەی ئێوەدڵنیا ببێتەوە.

ئەم بڵاڤۆکەئەو بەڵگانەی کەبۆ کردنەوەی حەسێبێکی بانکی پێویستتان دەبێت، چۆنیەتی و شێوازی کردنەوەی حەسێبێک و شێوازی یارمە تیدانی ئێوەلەلایەن ئێمەوەشرۆڤەدەکات.

**چۆن دەتوانم حەسێبێکی بانکی بکەمەوە؟**

هەر بانکێک ریزبەندی بەڵگەکانی دیاریکردنی شوناسی تایبی خۆی هەیەکەلەلایەن ئەوانەوەقبووڵ دەکرێت و رەنگەهەندێ لەبانکەکان پێویستیان بەزانیاریی زۆرتر بێت بەگوێرەی بانکەکانی تر. بەشێوەی ئاسایی بۆ کردنەوەی حەسێبێکی بانکی پێویست دەبێت ئەو بەڵگانەی پەسەندکردنی خوارەوەپێشکەش بکەن؛

- شوناس؛
- بارودۆخی کۆچبەریی؛ و
- ناونیشان.

سەرنج بدەن کەزۆربەی بانکەکان بەشێوەی ئاسایی تەنیا وێنەی سەرەکی بەڵگەکان یان کۆپی هاوتاکراو لەگەڵ ئەسڵەکەیان قبووڵ دەکەن.

پێویست دەکات **لانیکەم جۆرێک پشتراستکەری شوناسی خۆتان** وەکو ئەوانەی خوارەوەپێشکەش بکەن:

- نامەیەکی وەزارەتی ناوخۆ بۆ پشتراستکردنەوەی بارودۆخی ئێوە (بارودۆخی پەنابەری، پارێزگاریی مرۆڤدۆستانە، مۆڵەتی نیشتەجێ بوونی بەپارێز یان مۆلەتینیشتەجێ بوونی بێ سنوور) و مۆڵەتی کار – وێنەی سەرەکی بەڵگەیان کۆپی پەسەندکراو لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ؛
- بەڵگەیەکی شوناس لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ - وێنەی سەرەکی بەڵگەیان کۆپی پەسەندکراوی خاوەن ژمارەی سەرچاوەی وەزارە تی ناوخۆ، بەرواری لەدایکبوون و بەرواری بەتاڵبوونەوەی بەڵگە؛
- نامەیەکی راگەیاندنی قازانجەکان (benefits notification) بۆ پەسەندی مووچەی ئێوەلەوەرگرتنی قازانجەکان؛ یان
- بەڵگەیەکی بارودۆخی کۆچبەریی.

پێویست دەکات **لانیکەم جۆرێک پشتڕاستکەری ناونیشانی خۆتان** وەکو ئەوانەی خوارەوەپێشکەش بکەن:

- نامەیەک لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ بۆ پەسەندی ناو و ناونیشانی ئێستاکەی ئێوە؛
- پەڕاوەی پیشاندەری ناو و ناونیشانی ئێستاکەی ئێوە؛
- نامەیەک لەلایەن رێکخراوێکی حکومەتی، بۆ نموونەلەناوەندی کاردۆزینەوەبۆ پەسەندی ناو و ناونیشانی ئێستاکەی ئێوە؛ یان
- گرێبەستێکی کرێ بۆ پەسەندی ناو و ناونیشانی ئێستاکەی ئێوە.

رەنگەبانکێک زانیاریی زۆرتر بۆ نموونەپشتڕاستکەری داهات لەئێوەداوا بکات.

## بۆ کردنەوەی حەسێبێکی بانکی سەردانی کوێ بکەم؟

ئێوەدەبێت سەردانی لقێکی ئەو بانکەی کەهەڵتانبژاردووەبکەن و ئەو بەڵگانەی کەپیشاندەری شوناس و شوێنی ژیانی ئێوەن بەوجۆرەی کە لەسەرەوەئاماژەیان پێ کرا، لەگەڵ خۆتان ببەن. Lloyds TSB و Barclays نموونەگەلێ لەو بانکانەن کەدەتوانن سەردانیان بکەن. ئێوەدەتوانن بۆ وتووێژ سەبارەت بەکردنەوەی حەسێب سەردانی بانک بکەن یان بۆ دیاریکردنی کاتێکی چاوپێکەوتن لەپێشدا پەیوەندی بکەن بەبانکەوە.

دەتوانن زانیارییەکانی پەیوەندی کردن بەلقی بانکی شوێنی ژیانی خۆتان لەکتێبی رێنوێنی تەلەفۆن یان لەسەر ماڵپەڕی بانک بدۆزنەوە.

## کردنەوەی حەسێبێک چەندەدەخایەنێت؟

رەوتی داواکاریی پێبەستەی ئەو بانکەی کەسەردانی دەکەن جیاوازەبەڵام ئەگەر بەڵگەی دروست و تەواو پێشکەش بکەن، بەشێوەی ئاسایی زۆرتر لە-3 حەوتەناخایەنێت.

ئەگەر پێویست بێت داواکاریەکەی ئێوەبنێردرێت بۆ فەرمانگەیەکی تایبەت لەبۆ پشکنینی زۆرتر، رەنگەکردنەوەی حەسێب کاتی زۆرتری بوێت. ئەگەر ناردنی داواکاریەکەی ئێوەپێویست بێت، کارگێڕانی بانک ئاگادارتان دەکەنەوەو پێویستبوونی ئەو ناردنەتان پێ رادەگەینن. هەروەها ئەوان دەبێت ئەو ماوەیەش دیاری بکەن کەبڕیاردان لەسەر داواکاریەکەی ئێوەدرێژەدەخایەنێت.

**حەسێبێکی بانکی سادەم بۆ تەرخان کراوە، دەتوانم چ کارێک بەوەجێبەجێ بکەم؟**

حەسێبێکی بانکی سادەخزمەتگوزاریی بانکی سەرەتایی پێشکەشتان دەکات. دەتوانن لەم حەسێبەبۆ پارەدان و پارەوەرگرتن کەڵک وە رگرن.

بەدارابوونی حەسێبێکی سادەئێوەدەتوانن:

- راستەوخۆ پارەلەسەرچاوەیەکی دەرەکی وەک دامەزراوەیەکی بەخشینی قازانج یان خاوەنکارێک بخەنەناوی؛
- لەرێگای 'فەرمانێکی پارەدانی هەمیشەیی (standing order)' یان 'هەڵمەتی جێبەجێ کردنی تاک (one-off transfer)' پارەبۆ حەسێبی کەسانی تر حەواڵەبکەن؛
- بەکەسانی تر رێگەبدەن کەراستەوخۆ پارەلەرێگای 'هەڵمەتی جێبەجێ کردنی راستەوخۆ (direct debit)' لەحەسێبی ئێوەهە ڵگرێت؛ و
- کارتێکی برواداری وەرگرن کەرێگەتان پێ دەدات لەئامێرە خۆپارەدەرەکان پارەهەڵگرن. رەنگەئەو هەلەش بۆ ئێوەبڕەخسێت کە لەرێگای حەسێبی خۆتانەوەبەشێوەی ئینتەرنێتی یان لەفرۆشگەکاندا شت بکڕن (لەبانکی خۆتان بپرسن).

**داخوا دەبێت لەبەرانبەر ئەو خزمەتگوزاریانەی کەکەڵکیان لێوەردەگرم، پارەیک بدەم؟**

زۆربەی خزمەتگوزاریی حەسێبی سادەبەخۆڕایین. بۆ کەڵک وەرگرتن لەزۆربەی ئامێرەکانی خۆپارەدەر لەنێو سنووری یەکیەتی پاشەیە تێدا پێویست ناکات پارەیەک بدەن. بەوەشەوە، ئەگەر کاتی پارەدانی هەڵمەتێکی جێبەجێ کردنی راستەوخۆ بگاتێ بەڵام پارەی تەواوتان لە حەسێبی خۆتاندا نەبێت، رەنگەبانک، بڕێ پارەتان لێ داوا بکات و بەهۆی نەبوونی پارەی تەواو لەحەسێبی ئێوەدا پارەنەدات.

**ئەگەر نەتوانم حەسێبێکی بانکی بکەمەوە، چ بژاردەگەلێکم بۆ دەبێت؟**

ئەگەر نەتوانن حەسێبێکی بانکی بکەنەوە، دەتوانن حەسێبێکی کارتی پۆست بانک (post office card account) بکەنەوە. ئەم جۆرە حەسێبەزۆر سادەیەو بۆ کەسانێ کەقازانج، مووچەی حکومەتی و پارەدانەکانی برواداری باج وەردەگرن و ناتوانن حەسێب بکەنەوە، شیاوە. دیکەی پارەدانەکانی تر وەکو یارمەتی خەرجی خانووبەرە، مووچەی پێشەو حەقدەستەکان لەلایەن خاوەنکارەوەناکرێت بخرێنەئەم حەسێبە. هەروەها، ئێوە ناتوانن پاشەکەوتی تاکەکەسی بخەنەئەم حەسێبە.

ئەگەر هەندێ قازانج وەردەگرن لەناوەندی کاری خۆجێی خۆتان داوا بکەن "داوەتنامەیەک" پێشکەشتان بکات کەرێگەتان پێ دەدات حە سێبێکی پۆست بانک بکەنەوە. بۆ کردنەوەی حەسێب، داوەتنامەکەلەگەڵ بەڵگەکانی بارودۆخی کۆچبەریی خۆتان ببەن بۆ فەرمانگەی پۆستی خۆجێیی خۆتان.

حەسێبێکی کارتی پۆست بانک رێگەتان پێ دەدات لەحەسێبی خۆتان لەهەر نووسینگەیەکی پۆستەو بەکەڵکوەرگرتن لەکارتی برواداری کە وەرتانگرتووە، بەخۆڕایی پارەوەرگرن.

**ئەگەر بگوێزمەوە، چ ڕوودەدات؟**

کاتێ حەسێبێکی بانکیتان کردەوە، ئەگەر ناونیشانەکەتان گۆڕدرا، هەمیشەلەزووترین کاتدا بانکەکەئاگادار بکەنەوە.

**ئەنجومەنی پەنابەرانی سکۆتلەند چۆن دەتوانێت یارمەتیم بدات؟**

ئەگەر پێشتر داوای حەسێبی بانکیتان کردووەبەڵام سەرنەکەوتوون کەحەسێب بکەنەوە، دەتوانن بۆ ڕاوێژکاریی پەیوەندیمان پێوەبکەن. ئێوەدەتوانن لەرێگای **ژمارەی بەخۆڕایی: 0800 085 6087** پەیوەندیمان پێوەبکەن؛ پەیوەندیکردن بەم ژمارەوەبەتەنیا لەرێگای تەلەفۆنەنەگۆڕەکانەوەبەخۆڕاییە.

پاشان ئێمەدەتوانین کاتێکی چاوپێکەوتن بۆ ئێوەرێکخەین تاکو لەپێوەندی لەگەڵ ئەو بژاردانەی کەهەن لەگەڵ بانک قسەبکەن و لەبۆ پشتگیریی لەگەڵتان لەدانیشتنی چاوپێکەوتندا بەشداری بکەین. سەرنج بدەن کەئێمەتەنیا **پاش ئەوەی کە** ئێوەبۆخۆتان سەرەتا هەوڵی خۆتاندا بۆ کردنەوەی حەسێب بەڵام نەتانتوانی حەسێب بکەنەوە، ئەم پشتگیرییەپێشکەش دەکەین.

**بەشداریکردن لەکارگەیەکی کاروباری پێوەندیدار بەدارایی بەخۆڕایی**

ئەگەر دەتانەوێت زانیاریی زۆرتر لەسەر حەسێبەبانکیەکان، بەڕێوەبەرایەتی پارەو وەرگرتنی تەندەرە (قەرز) یان تەنانەت هەڵنانی هەنگاوسەرەتاییەکان بۆ بەرێخستنی کەسب و کارێک دەستەبەر بکەن، کارگەکانی پرۆژەی زانستی دارایی

(Financial Literacy Project) بەخۆڕایی ئێمە، خاڵێکی شیاو بۆ دەسپێکردن دەبن.

لەبۆ دەستەبەرکردنی زانیاریی زۆرتر، پەیوەندی بکەن بەئیمەیلی carolanne.nehme@scottishrefugeecouncil.org.uk
**تەلەفۆن:** 0141 223 7971  **تەلەفۆنی لەگەڵ (موبایل):** 07734 030761